

# میدیا و پەیوەندییەکان
# ئەرکە ستراتیژییەکان و
# میکانیزمەکانی کاری هاوبەش

عەبدولرەحمان سدیق

**پێشەکی**

گەرچی میدیا لە پلەبەندیدا دەسەڵاتی چوارەمە، بەڵام لە زۆرێک لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا، هەندێ جار دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن دێتە پێش یاسادانان، بەهەمان شێوەش هەندێ جار میدیا دەچێتە دوای دەسەڵاتی ڕاپەڕاندنەوە.(١) هەرچەندە ئەم جێگۆرکێیە لە سیستمی دیموکراسیدا پەسەند نییە، بەڵام لە ڕاستیدا بمانەوێ نەمانەوێ، شتێکی لەم جۆرە ڕوودەدات یان ڕوویداوە.

لێرەوە پێگە و ڕۆڵی ڕاگەیاندن بە هەردوو باری باش و خراپیدا کاریگەرتر دەبێت، بۆیە پێویستە بایەخپێدان بە ڕۆڵی میدیا زیاتر بێت لەوەی کە ئێستا هەیە، چونکە میدیا وەک دەتوانێت، ئەگەر بیەوێت، پەیوەندیی نێو دوولایەن یان زیاتر باش و باشتر بکات، هەر ئاواش و ئاسانتر دەتوانێت، ئەو پەیوەندییە، خراپ و خراپتر بکات!

میدیا جیهانێکی فراوانە، زۆرجار کاریگەریی لەسەر دەسەڵاتەکانی دیکەشدا هەیە، زۆرجاریش، دەسەڵاتەکانی یاسادانان و ڕاپەڕاندن و بگرە دادوەریش پێی کارتێکراو بوونە . کاریگەریی میدیا لەوێوە گەورە دەبێت، کە میدیا وەک جارانی زوو تەنها دنیای ڕۆژنامەگەریی نییە، بەڵکو میدیا ئەمڕۆ جیهانێکی فراوانە لە ئاژانس، تۆڕەکانی هەواڵ، ڕۆژنامەگەریی، ڕۆژنامەگەریی ئەلکترۆنی، پەخشی ڕادیۆ، تەلەفزیۆن، کەناڵە ئاسمانییەکان و تەنانەت دراما مێژوویی و دیکۆمێنتەکانیش، کاریگەرییان لەسەر تێکدان یان بەهێزکردنی پەیوەندییەکاندا هەیە .

لە ڕووی کاتیشەوە، شەڕی ڕاگەیاندن وەک دەکەوێتە پشتی شەڕە سەربازیی و ئابوورییەکانەوە، زۆرجاریش لە دوای تەواوبوونی ئەو شەڕانەش، میدیا زۆر جار لە شەڕەکانی خۆی بە شێوازی ناڕاستەوخۆدا بەردەوام بووە .لەوانەیە ڕۆژانە کاریگەریی میدیا جێ دەستی دەرنەکەوێت، چونکە هەر ڕۆژە و لە گۆشەیەکەوە یان بە شێوەیەک، بەو ئاڕاستەیەی کە دەیەوێت شت دەڵێت، دەنووسێت، دەنوێنێت، تا سەرئەنجام لە نێوخۆدا، ڕایەکی گشتی بەو ئاڕاستەیەدا دروست دەکات. لەو دیویشدا، لایەنی بەرامبەر، گشت ئەو ئاراستۆکە ڕۆژانەیە کۆ دەکاتەوە و شیکردنەوەی بۆ دەکات و زۆرجاریش لەسەر مێزی گفتوگۆدا ئاماژەیان پێدەدات .

**ڕاگەیاندن و پەیوەندییە سیاسییەکان:-**

ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە دێر زەمانەوە وەک ناوچەکی گەرمی شەڕ و پێکدادانی سەربازیی بووە، ئاواش بەرامبەر بە هەرلێدوانێک،نووسینێک،چیرۆکێک،درامایەکی مێژوویی و تەنانەت سرودێکی نیشتمانیی یان ئایینیش، ناوچەیەکی هەستیار بووە! لێرەوە، وڵاتان لە پێناوی بەرقەرارکردنی ئارامیی و ئاشتی،ڕاگەیاندنیان بۆ بوارە سیاسی،ئابووری، وەرزشی هونەری، ئایینی و .... پۆلێن کرد .

ئەوەی مەبەستی ئێمەیە لێرەدا، ڕاگەیاندنی سیاسییە کە لە بنەڕەتدا پشت بە سێ ڕێسای سەرەکیی ئەوانیش ماددەی ڕاگەیاندنەکە، دارشتنی ماددەکە و کەرەستەکانی خستنە ڕووی، دەبەستێت. پرۆسەی کێوماڵکردنی چالاکییەسیاسییەکان‌لەئەنجامی‌بەیەکداچوونی دژەکاندا، زۆر ئاڵۆزە، بەجۆرێک زۆرجار دارشتنی هەواڵی سەردانێک یان پێشوازییەک کە پەیوەندیی بە هەردوو لایانەوە هەیە، بەڵام هەندێ جار خودی هەواڵەکە، هەندێ جار شێوازی دارشتنی هەواڵەکە و هەندێ جاریش شوێن یان کاتی پەخشکردنی هەواڵەکە، لایەنێکی سێیەم دەورووژێنێت، پەیوەندییەکان بۆ چوار گۆشەی یەکەم دەگێڕێتەوە! (٢)

لێرەوە زۆر گرنگە بڕوانینە ئەو دەنگ، ڕەنگ و پێنووسانەی کە خۆیان لەسەر شانۆی ڕاگەیاندن فەرزکردووە، بە جۆرێک کە ماوە نا ماوەیەک بە لێدوان یان نووسین یان کارە

هونەرییەکانیانەوە گرفتێک یان بارگرژییەکی سیاسی دروست دەکەن. لێرەدا پێویستە لە بواری ڕاگەیاندندا، بە وریاییەوە هەڵبژاردن، هەڵسەنگاندن و لادان بۆ کارمەندان بکرێت، چونکە ڕاگەیاندن بەگشتی و ڕاگەیاندنی سیاسی بەتایبەتی، کارێکە مەیدانی تاقیکردنەوەی کارمەندان نییە، چونکە هەڵە لە ڕاگەیاندنی سیاسیدا، چارەنووسی گەلێک، وڵاتێک و سەرکردەیەک دەخاتە مەترسییەوە. لێرەوە سروشتی پەیوەندیی لە نێوان ڕاگەیاندن و سیاسەتی دەرەکیدا بە گۆڕانی کات دەگۆڕێت، کە لە ڕاستیدا گۆڕانی کاتیش، گۆڕانی هەندێک لە بەرژەوەندییەکان دەردەخات. بەڵام ئەوەی گرینگ و ستراتیژییە و ئەمڕۆکە دەرکەوتووە، پێویستە لە جۆری پەیوەندیی نێوان ڕاگەیاندن و سیاسەتی دەرەکیدا، سێ ڕاستیی لەبەرچاو بگرین: (٣)

یەکەم: پێویستە لە سێ قۆناغی جیادا بڕوانینە سیاسەتی دەرەکی: قۆناغی داڕشتنی سیاسەتی دەرەکی، قۆناغی پرۆسەی بڕیاری سیاسی و قۆناغی جێبەجێکردنی بڕیاری سیاسی.

دووەم: گواستنەوەی سیاسەتی ناوخۆ (کە بەرەنجامی هەماهەنگییە لە نێوان هێزە ناوخۆییەکاندا) بۆ ئاستی دەرەوە و نێودەوڵەتیی لە ڕێگەی ڕێکخراوە نێو دەوڵەتییەکانەوە، چونکە کاری دەرەکی، چالاکییەکی حکوومییە لە بازنەی نێودەوڵەتیدا.

سێیەم: تێڕوانین لە ڕاگەیاندن وەک ئامرازێک لە ئامرازەکانی جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەکی، نەک گەورەکردن و بنیاتنان لەسەر هەڵوێستێکی تەنهای ڕاگەیاندن، هەرچەندە ڕاگەیاندن هێڵی یەکەمی هێرشبردن و دوا هێڵی بەرگریکردنە، هەرچەندە ڕاگەیاندن لە ئامرازەکانی دی کەمتر خەرجی تێدەچێت، بەڵام ئاسەوارەکانی زۆر زیاتر بەرهەم دێنێت یان زیان دەگەیەنێت. ئەمە جگە لەوەی کە سەدەی بیست و یەکەم لە سایەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای گەیاندنەوە، بۆتە سەردەمی ڕاگەیاندن بەبێ ڕکابەر، زۆر خێرا بیروبۆچوونە نوسراو، گوترا و بینراوەکان دەگۆڕێن و دەبنە هێزێکی ماددی ئەوتۆ، کە ڕای گشتی بە ئاڕاستەی ئامانجەکانی ڕاگەیاندندا ئاراستە دەکات. (٤)

بۆیە ئێستا هۆکارەکانی ڕاگەیاندن کە پەیامەکانیان لە وەڵامی پرسیارەکانی (چی) و (کەی) و (لە کوێ) چڕ دەکەنەوە، زۆر پێویستە توێژینەوە شیکردنەوەکانی ئەو پەیامانە، وەڵامی پرسیاری (چۆن) بن و ڕەخنە و خوێندنەوە بابەتییەکانیش، وەڵامدەرەوەی پرسیاری (بۆچی) بن.

**• ئەرکە ستراتیژییەکانی ڕاگەیاندن لە ناوچەکەدا:**

ئەگەر ئەرکەکانی ڕاگەیاندن لە ڕووی تیورییەوە زۆربن، ئەوا لە ڕووی پراکتیکەوە و لەم ناوچەیەی کە ئێمەی تێدا دەژین، لە چەند خاڵێکی دیاریکراودا چڕ دەبنەوە:

**یەکەم: پاراستنی ئاسایش و ئارامیی ناوچەکە:**

لەمەشدا پێویستیمان بە هەماهەنگیی دەبێت لە بواری ڕاگەیاندندا بۆ نزیککردنەوەی گۆشەنیگاکان سەبارەت بە:-

١.ناسین و ناساندنی هەڕەشەی ڕاستەقینە لەسەر ناوچەکە.

٢. گەیشتن بە کۆدەنگییەک بۆ چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو هەڕەشەیە.

٣.هەڕەشەی ڕاستەقینە لەسەر سەقامگیریی ناوخۆیی وڵاتەکانمان.

٤.زیادکردنی هەماهەنگی و هاوکاریی وەک ڕێگەیەک بۆ بەرقەرارکردنی ئاشتی.

٥. دامەزراندنی سیستمێکی زانیاریی هاوبەش لە بواری ڕاگەیاندندا.

٦.کارکردن لەسەر چەمکی پاراستنی ژینگە، مەترسییەکانی پیسبوونی ژینگە، کارەساتەکانی وشکەساڵی و هەڕەشەکانی پەنابەرێتی ژینگەیی و بەبیابان بوون.

**دووەم: ئابووری و ئاڵوگۆڕی بازرگانیی هاوبەش:ـ**

لێرەشدا ڕاگەیاندن ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لەسەر چڕکردنەوەی زوومی تێڕوانینی خۆی لەسەر بابەتە ئابوورییەکانی پەیوەست بە دەوڵەت، گەلانی ناوچەکە، دەرخستنی قازانج، خستنەڕووی سوودەکانی کاری ئابووریی و بازرگانیی هاوبەش لە ڕێگەی :

١. تیشک خستنە سەر ڕاپۆرتە ئابوورییەکان، کە دەبنە مایەی سوودی گەورە بۆ گەلانی ناوچەکە .

٢. تیشک خستنەسەر دەستپێشخەریی بازرگانیی ئازاد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە لە ماوەی ساڵانی (٢٠٠٣ هەتا ٢٠١٣)دا کاراتر دەکرێت .

٣. تیشک خستنەسەر ڕێککەوتننامە بازرگانییەکانی نێوان ئەمریکا،ئوردون،بەحرێن، عومان، سعودیە، لوبنان، ئیسرائیل و وڵاتانی دیکەی ناوچەکە، کە دەبنە ئەندام لە ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی بەتایبەت عێراق .

٤. تیشک خستنەسەر ئاڕاستەی ئابووری سیاسی و یەکخستنی هەڵوێستە ئابوورییەکان وەک دەروازەیەک بۆ نزیککردنەوەی هەڵوێستە سیاسییەکان، بە پشتبەستن بە ئەزموونی سەرکەوتووی ئەوروپا و پەندوەرگرتن لە ئەزموونی هەرەسهێناوی وڵاتانی عەرەبی کە هەتا ئەم ساتە لە سیاسەتەوە بەرەو ئابووریی دەچن.

**سێیەم: کارکردن لەسەر هاریکاریی کولتووری و هونەری :**

کە لەمەشدا باکگراوندێکی کولتووریی چەند سەدەیی هاوبەش (٥) بۆ کارکردن لەسەر دۆزینەوەی خاڵە هاوبەشەکان لەبەر دەستدایە، لەوانە:ـ

١. قوڵکردنەوەی کولتووری پێکەوە هەڵکردن و پێکەوە ژیان .

٢. ڕەتکردنەوەی دووبەرەکی، هزری باڵادەستیی ڕەگەزیی و توندوتیژیی .

٣.ئەنجامدانی کاری ڕۆشنبیریی و هونەریی هاوبەش لە بۆنە جیاجیا هاوبەشەکاندا .

٤. ڕوانین لە خاڵە گەشەکانی ڕابردوو، کارکردن بۆ ئایندە و تێپەڕاندنی قۆناغە ڕەشەکانی مێژوو.

٥. ڕزگارکردنی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لە داڕشتن و پەرەپێدانی ئەو زاراوە بریندارکارانەی کە خەڵک و وڵاتانی پێ ناو لێدەنرێن و پۆلێن دەکرێن، وەک تیرۆریست، کۆنەپەرست، جوداخواز، دوژمن و خێڵەکی ... هتد .

**ئەرکە گشتییەکانی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لە ناوچەکەدا**

١. مامەڵەکردنی هەستیارانە لە بارەی جوگرافیا و مێژووی ناوچەکە .

٢. ئاگابون لە بارەی دەروونیی گەلانی ناوچەکە و سایکۆلۆژیای گشتیی کاروکاردانەوەیان .

٣. خۆ دوورگرتن لە دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆی وڵاتانی ناوچەکە .

٤. خۆ دوورگرتن لە پێشکەشکردنی ئامۆژگاریی خۆڕایی و داوانەکراو.

٥. خۆ دوورگرتن لە ڕاپۆرتە نا ڕەسمییەکان، نوسین، لێدوانی سیاسەتمەدار و لێکۆڵەرە سیاسییە جیهانییەکان، کە هەریەکە و بە ئاڕاستەیەکی دیاریکراوی گونجاو لەگەڵ بەرژەوەندیی وڵاتانی خۆیاندا دەنووسن و بۆ ئێمە قسە دەکەن، بۆ ئەوەی لە بری ئەوان، شەڕی خۆیان بە ئێمە بکەن .

٦. بایەخدان بە قسەی وتەبێژی ڕەسمی حکومەت، دەزگا ڕەسمییەکان و خۆ دوورگرتن لە بڵاوکردنەوەی زانیاریی هەڵە و گومڕاکەر (٦) کە زیان بە بەرژەوەندیی لایەک یان بەرژەوەندیی هاوبەش دەگەیەنێت .

٧. کارکردنی هەرلایەک بە لائیحەی ڕێکخستنی کاری ڕاگەیاندن، پەخشی کەناڵ و هۆکارەکان. (٧)

٨.کارکردن لەسەر چەمکی نیشتمانیبوون، هاووڵاتێتی، واقیعیبوون، کرانەوە بەسەر قوتابخانەکانی دیکەی بیری ناسیۆنالیزم، ڕێزگرتن لەسەروەریی نیشتمانی و کەرامەتی گەلان .

٩. خۆ دوورگرتن لە بڵاوکردنەوەی کولتووری ترس و گومان لە بەرامبەر و هەوڵدان بۆ پەیڕەوکردنی سیاسەتی نەفەسی

درێژ و بەردەوام، نەک نەفەسی کورت و پچڕاو لە هەماهەنگیی و هاریکاریدا .

١٠- کردنەوەی پەنجەرە داخراوەکان، نەک شکاندنیان، ئەگەرنا، سڕینەوەی پەنجەرە تەڵخبووەکانی پەیوەندییء، کرانەوە بەسەر ئاسۆدا نەک پیادە کردنی گۆشەنیگای تونێلیء ژێرزەمینی .

١١- بێدەنگ نەبوونی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لەسەر هەڵە و تاوانەکانی هەندێک هۆکاری ڕاگەیاندن، کە بە نوسین، وێنە و کاریکاتێرەکانیان، زیانی کوشندە لە پەیوەندییە سیاسییەکان، ئابووریی وڵاتان دەدەن و لە جیاتی لەیەک گەییشتن، دەبنە هۆی هەڵگیرسانی شەڕ و ئاژاوە، بەجۆرێک کە (٤٩,٣٤٪)ی هۆی شەڕی نێوان وڵاتان، هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بوونە (٨)

**میکانیزمەکانی کاری هاوبەش لە بواری ڕاگەیاندندا**

١- داڕشتن و واژۆکردنی بیرخستنەوەی لەیەک گەییشتن (mou) لە نێوان وەزارەت یان دەزگا پەیوەندیدارەکانی هەردوو لاودا.

٢- هاریکاریی پیشەیی لەنێوان ئاژانسەکانی هەواڵی هەردوولا و ڕێککەوتن لەسەر زاراوە، دەستەواژە ئیعلامییەکان و دەرهاویشتەکانی .

٣- هاریکاریی لە نێوان ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی پەیوەست بە کاری ڕاگەیاندنەوە .

٤- دامەزراندنی ئەنجومەنێکی ڕاگەیاندن بە بەشداری نوێنەرانی هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی جیاجیا و هاریکاریکردن بۆ ئاڵوگۆڕکردنی بەرهەمە ئیعلامییەکان .

٥- هاریکاریکردن لە بواری ڕاهێنانی ڕاگەیاندن بۆ کارمەندانی ڕاگەیاندن، زیادکردنی زانیاریی پیشەیی و هەنگاونان بەرەو پسپۆڕێتی لە بوارەکانی ڕاگەیاندندا.

٦- هاوکاریی نێوان کۆلێژ و پەیمانگەکانی ڕاگەیاندن، بە ئاڕاستەی ئاگاداربوون لە پرۆگرامەکانی خوێندن، نوێکردنەوە و بەهێزتر کردنیان.

٧- زیاترکردنی ڕۆڵی ڕاگەیاندنی خوێندنگە و کۆلێژە تورکییەکان لە هەرێمدا، بۆ گەیاندنی ڕاستییەکان و نزیکترکردنەوەی بیروبۆچوونەکان .

٨- ڕێکخستنی سەردان و گەشت بۆ کارمەندانی بواری ڕاگەیاندن بۆ دامودەزگا و دامەزراوە پەیوەندیدارەکانەوە .

٩- کارکردن بە بەیاننامەی بنەما بنەڕەتییەکانی تایبەت بە ڕۆڵی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لە پشتگیریی ئاشتی، لێکگەییشتنی نێودەوڵەتی و مافەکانی مرۆڤی تایبەت بە خولی (٢٠)ی (یۆنسکۆ) لە (١٩٧٨/١١/٢٨)

١٠- کارکردنی هەرلایەک بە مادده و برگەکانی یاسای ڕۆژنامەگەریی وڵاتی خۆیەوە لە سزادانی ئەو بڵاوکراوانەی، کە سەرپێچی یاسای ڕۆژنامەوانیی خۆیان دەکەن .

١١- بەنایاسایی و نائاسایی ناساندنی کاری هاککردن، شێواندنی سایت و ڕۆژنامە ئەلکترۆنییەکان.

١٢- پشت بەستن بە ستانداردە نێودەوڵەتییەکان بۆ دیاریکردنی سنووری نێوان ئازادیی و گوزارشتکردن لە ڕا، گوزارشتی ناتۆلیرانسی، لە نێوان زانیاری پێدان و هاندان، لە نێوان پەسن و ناوزڕاندندا. (٩)

**سەرچاوە و پەراوێزەکان بە زمانی عەرەبی:**

١- عبدالله بن بجاد، الاتحاد الاماراتية، الاعلام والسياسة الخادم والمخدوم/الصادر فی (٢٠٠٨/٨/٢٥)

٢- سفيان عباس، شبكة أخبار العراق، الاعلام السياسي والاقلام النظيفة ، فی (٢٠٠٨/٧/٢١)

٣- د. عبدالسلام السعدي، الاعلام والسياسة الخارجية .

٤- الصفير بن عمار، مركز الدراسات الاعلامية، الاعلام والمجتمع، عدد يناير (١٩٧٩/١/١٧)

٥- ناظم يونس عثمان، مركز الجزيره للدارسات، الحوار وسيلة لترسيخ التعايش بين أمم المشرق .

٦- وزاره الخارجية الرمريكيه، المعايير الأخلاقية قواعد وسلوك الصادر يوم (٢٠٠٨/٥/٢٩)

٧- الهيئة الوطنية للاتصالات والاعلام، لائحة وقواعد تنظيم البث الاعلامی، مؤتمر اليونان (٢٠٠٣)

٨- د. أحمد يوسف أحمد، الصراعات العربية العربيه، مبحث أدوات الصراع .

٩- وزاره الخارجية الألمانية، مؤتمر اورو متوسطي، الاعلام والتفاهم الثقافی، تحديات وحلول، برلين (١١ – ١٢/ حزيران ٢٠٠٧)